چیرۆکێکی خۆشەویستی لە مەخموورەوە..

بەهار، بێ بەهار چەندە سەختە خودایە!

سەباح مەجید

من ناوم لاوەی دڵخۆشە، بیست ساڵ لەوبەر ماڵمان لەمەخموور لەگەڕەکی خۆشبەختی بوو، لەڕاستیدا لەمەخموور ئێستاشی لەگەڵدا بێت گەڕەکێك بەم ناوە نییە، نەك لەمەخموور بەڵکو لەهەموو کوردستانی گەورەش ناوێکی لەم جۆرە لەشارێك.. لەشارۆچکەیەك.. لەئاواییەك نەنراوە، خۆ ڕەنگە لەتەواوی جیهانیشدا ناوێکی لەم جۆرە بوونی نەبێت! بەڵام منو بەهاری قسەخۆش ئەم ناوەمان لەگەڕەکەکەی خۆمان نا.. منو بەهار لەکۆشی مەخموور گەورەبووین، لەئامێزی پڕسۆزو لاوانەوەی حەیرانەوە پێگەیشتین.. تا ئەوکاتەی پەیمان گرت قەرەچوغ بەو هەموو گەورەییو شکۆو ویقارەی خۆیەوە دەستی دەگرتینو فێری خۆڕاگریو باڵابڵندی دەکردین.. ئێستاش لەبیرمە کە قەرەچووغ بە زەردەخەنەوە باوەشی بۆ دەکردینەوەو ((تاتی.. تاتی)) پێدەکردین.. ئێستاش منو بەهاری قسەخۆش سەدان یادەوەری تاڵو شیرینمان لەمەخموور لێبەجێماوە.. بەهاری خۆم کچێك بوو کە هەمیشە بە چاوە سەوزەکانی چاوی بەهاری مەخمووروو باڵای قەرەچوغی سەوزترو تەڕو خەملیوتر دەکرد.. ئەی خوایە لە بەهار!! کچێکی چەندە قشتو قسەخۆش بوو خودایە! مەخموور بە بەهارو بەهارەوە سەرخۆشو مەخموورتربوو، ئەو هەمیشە بە سۆزو عەتفی خۆی ماڵی دڵی منی لێوانلێودەکرد لەخۆشبەختی.. باوەڕبکەن ئەوەی لەبەهاری دەشتی کاکی بەکاکی قەراجو کەندێناوەدا لەگەڵ ژیکەڵەیەکی وەك بەهاردا بێت گەر لەدۆزەخیشدا بێت ڕۆحی هەمیشە فێنكو دڵی هەموو کات پڕ لەخونچەی تەڕ و ژیانی هەردەم پڕ لە شکۆداری دەبێت. من لەمەخموور تا بەهاری قسەخۆشم لەگەڵدا بوو هەموو وەرزەکانی ژینم بەهارو گوڵە هەمەچەشنەکانی خۆشنوودی بوو.. بەڵام ئاااخ کە بەهار لەبەهاردا پێویستی خۆی پەلکێشی غوربەت کرا، بەهارم لێبوو بە خەزانو هەموو ژینم پڕاوپڕبوو لەهەڵوەرین.. بەڵێ کاتێ بەهار لە بەهاردا منو مەخمووروو قەرەچوغو قەراجی بەجێهێشت هەموومان کۆستمان کەوت.. لەدوای سەفەری بەهارەوە هەموومان ڕەنگی پاییزمان گرت.. من زەبوونو قەرەچووغ ڕەنگزەردو مەخموور وشکهەڵاتوو و قەراجیش وەك لیمۆیەکی بێگوناه زەردهەڵگەڕا.. لەسۆنگەی سەفەری بەهاری قسەخۆشەوە بێژینگ بەسەر دەست لەئەژنۆ کرکەوت.. جۆگەلەی مەخموور هێندە گریا تا ئاو لەچاوانی بڕا.. هەرچی ئاسکی چاوڕەشی هەبوو لەو ناوەیا هەموویان زەردیان پۆشیو بێئومێدانە لەقەد پاڵی قەرەچووغەوە بەداماوی سەیری گەڕەکی خۆشبەختیان دەکردو غەریبانە دەگریانو سەریان خۆیدا بە تاوێرەکاندا دەکێشا... دوای بەهار کەوە سپییەکانی قەرەچوغ پڕ بوون لەقاسپەی غەمگینی.. دوای بەهار حەیرانەکان پڕبوون لەخەمناکی.. لاوکەکان تەژی بوون لەداستانی خەمبارانەی ئەڤینی ئێمە!! وەیش خودایە سەفەری بەهار چۆن ئاراستەی ژیانی هەموومانی گۆڕی.. لەبیرمە لەمەخموور ماڵی ئێمەو ماڵی بەهاری قسەخۆش بەرامبەر بە یەکتری بوو، ماڵی بەهاری خۆم چەند خۆش بوو ئیلاهی!! زۆرجار لەکۆڕو کۆبوونەوەدا باسی بەهەشتیان دەکرد کە چەند خۆشە، بەڵام لای من ماڵی بەهار لەبەهەشتیش خۆشترو جوانترو پڕ لەسەفاتربوو!! لەبیرمە لەمەخموور لەقوتابخانەی قەرەچووغ هەردووکمان پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووین.. زۆرمان حەزدەکرد هەردوو لەسەر یەك ڕەحلە دابنیشین، بەڵام هەرگیز ڕێگەیان پێنەدەداین.. لەیادمە جارێك پێش ئەوەی مامۆستا بێتە پۆلەوە لە وانەی ئایین هەردووکمان بەیەکەوە لەسەر ڕەحلەیەك دانیشتین، ئێستاش نازانم چۆن توانیم بچمە تەك بەهار دابنیشم! ئێستاش نازانم لەو کاتەدا چ هێزێك هەموو ترسو شەرمەکانی لێسەندمەوەو پەلکێشی سەر ڕەحلەکەی بەهاری کردم! خودایە چەندە خۆشە لەپۆلدا لەتەك یاری خۆتدا دابنیشیت!! وام هەستدەکرد لەبەهەشت لەتەك حۆرییەکی دەم بەبزەی بێگەرد دانیشتووم و شا بە سەپان ڕاناگرم! بەڵام لەپڕ مامۆستای ئایین کە دارێکی ئەستووری لەدەستدابوو، هاتەژوورەوە، زۆر بە تووڕەیی سەیری ناو چاوانی کردم.. من پڕاوپڕبووم لەترس.. لەناکاو بۆ لام هات.. نەمدەزانی دەبێ چی بکەم.. نەمدەزانی دواتر چی ڕوودەدات، بەڵام لەترسان وەك بێ ناو باوەشی ئاو هەڵدەلەرزیم، کاتێکم زانی دارێك بۆ ناو چاوەکانم هات، خێرا دەستەکانم دایەبەر دارەکەو ئیدی هاوارم لێهەڵسا.. دوو داری تری لەپشتم داو من بێدەسەڵاتانە لەپرمەی گریانم دا.. من دەگریامو وەك تەرزە هەڵدەپەڕیمو ئەویش دەستی هەڵنەدەگرتو بەردەوام لێیدەدام، نەمدەتوانی هیچ بکەم!! دەبووایە چاوەڕێی ئەوە بکەم ئاخۆ کەی دەستم لێهەڵدەگرێت.. بەهەموو دەنگم هاوارم دەکردو دەگریام، کەچی مامۆستای ئایین بەهەموو هێزی خۆی داری دەسرەواندە گیانم.. تا دەهات بەکوڵتر دەگریامو ئەویش بە کوڵتر لێیدەدام، ئیدی حەوسەڵە نەماو هەڵسام ڕامکردە دەرەوە.. لەگەڵ هاوارو گریانی من مامۆستاکانی تر لەپۆلەکانیان هاتنە دەرەوەو قوتابییەکانیش زۆریان هاتنە دەرەوە.. بەگریانەوە قوتابخانەکەم بەجێهێشت.. کە دەرگای قوتابخانەم جێهێشت ئاوڕێکم دایەوە، بەڕێوەبەرو مامۆستاکان لەدوای من هاتنە بەردەمی قوتابخانەکەو بانگیان کردم تا بگەڕێمەوە، چەندین قوتابیش هاتبوونە پێش قوتابخانەکەو بە خەمناکییەوە سەیریان دەکرد!! زۆریان پێگوتم بگەڕێوە..مامۆستای ئایین لەهەمووان زیاتر هاواری دەکرد تا بگەڕێمەوە، بەڵام من کە تا ئەوکاتە هیچ هەڵەیەکم لەقوتابخانە نەکردبوو و مامۆستاکانیش زۆر لێم ڕازی بوونو قوتابییەکانیشم خۆشدەویستو ئەوانیش منیان خۆشدەویست، دەمویست دەست بدەمە بەردو بەڕێوەبەرو مامۆستاکان بەرد باران بکەم، بەڵام هەر زوو پەشیمان بوومەوە، بەڵام لەپڕ هێزێکم هاتەبەرو پڕ بەدەنگم هاوارمکرد ((مامۆستا جەبار، ئەتوو لە کنە خۆت مامۆستای ئایینی ئەوجا ئۆندە بێڕەحمی؟ وەعد جارێکی نێمەوە ئەو مەکتەبەو ئەو دەرسە ناخۆشەت.. با مامۆستای ئایینیش بی، بەخوای لەوێ دنیاییێ گەردەنت ئازا ناکەم،، باش بزانە لەسەریش ناچی!! دەبی ئەو سەرە ڕووتەت هەر بشکێنم.. هەی.......)) لێنەگەڕان قسەکانم تەواوبکەمو دوام کەوتن.. ئیدی ڕامکردو خۆم دەربازکرد، دوای ئەو ڕووداوە باوکم زۆری هەوڵدا تا بچمەوە قوتابخانەو بەڕێوەبەریش هاتە ماڵمان، بەڵام من بڕیاریم دابوو کە نەچمەوەو بۆیە گوتم خۆم نەقڵی قوتابخانەی قەراج دەکەم..بەڵام دواتر بەهاری قسەخۆش ساردی کردمەوە و دووبارە چوومەوە قوتابخانەکەم.. ئاخر من ڕاهاتبووم کە قسەکانی بەهاری قسەخۆش بەقسەی هیچ کەسێك نەگۆڕمەوە.. تەنانەت بەقسەی مامۆستاو بەڕێوەبەرو باوکیشم! لەبیرمە ئەو ئێوارەیەی کە بەهار لەسۆنگەی بەرژەوەندخوازیی باوکییەوە بەماشێنێکی ڕەش مەخمووری بەجێهێشت ئاسمان یەکپارچە هەوربوو.. قەرەچووغ تا کەمەر کەوتبووە نێو تەمەوە.. من لەبەردەم دەرگای ماڵەوە بە خەمباری وەستابووم.. لەگەڵ بەڕێکەوتنی ماشێنە ڕەشەکە من بێدەستی خۆم فرمێسك بە ڕوومەتەکانما هاتەخوارەوەو گریام.. کە هەورەکان منیان بینی دەگریم ئەوانیش لەپرمەی گریانیاندا.. قەرەچووغ بەو هەموو تەمەنو خۆڕاگرییەی خۆیەوە نەیتوانی ئارام بگرێتو هۆن هۆن بۆ منو بەهاری خۆم گریا.. ئاااى خوایە لەگریانی قەرەچووغ!! من تا ئەوکاتە نەمبینی بوو قەرەچوغ بگریێ، وەی لەو گریانە غەریبەی قەرەچووغ ئیلاهی!! وەیش لەو ئەسرینە پاكو بێگەردانەی قەرەچووغ وەیش!! تا ماشێنە ڕەشەکە لەچاومان ون بوو هەموومان لەشوێنی خۆمانا وشکهەڵاتبووین و بێدەنگ دەگریاین.

بەهاری قسەخۆش لەخەتای باوکی دڕکدۆستی خۆی غەریبانە بەجێهێشتین!! لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەو شاددڵیش منی بەجێهێشت.. خۆشبەختی گەڕەکی خۆشبەختیمانی بەجێهێشت.. ئیدی دڵتەنگی پێویستی خۆمان ئینجانەی دڵی منو قەرەچووغو مەخمووروو قەراجی پڕاوپڕکرد لەگوڵی خۆڵەمێشی..ژیانمان لێوڕێژ بوو لەخەمی فیراق!! ئاخر بەهاری خۆم نەشئەی بەهەمووان دەبەخشی.. ئەو پڕجوان(تاوس)ێك بوو جوانی بە منو مەخمووروو دەوروبەر دەبەخشی! بۆیە لەدوای ئەو جوانی ماڵی چاو و دڵی هەموومانی بەجێهێشت! ئاااى خودایە، دوای بیست ساڵ لەدابڕان.. بیست ساڵ لەئێشو ژان.. فرمێسكو گریان.. تا ئێستا بەهارم نەدۆزیوەتەوە.. هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو بوونی ئینتەرنێتو جۆرەها کۆمپیوتەرو مۆبایلو فاکسو هۆکاری گەیاندنو پەیوەندی کردن، کەچی تائێستا نەمتوانیوە لەم جەنگەڵستانەی ژیان بەهاری قسەخۆش بدۆزمەوە.. ئەو بەهارەی کە ئێوارەیەك لەبازارگەی قەشەنگ لێم ونبوو و لەخەمی دابڕانی هەڵکێشام.. ڕۆژانە هەواڵ دەپرسمو بەنێو باخو باخاتی هەموو چاتەکانی ئینتەرنێتدا گوزەر دەکەم، کەچی تائێستا بەهاری گوڵم نەدۆزیوەتەوە؟! پەیمان بێت هەرکاتێك بەهاری قسەخۆشم دۆزیەوە ئەوا سەرگوزەشتەی پەناهەندەیی ئەو و تەنیاییو خەمو سەرجەم یادگارییەکانی خۆمتان لە ڕۆمانێکدا بۆ بگێڕمەوە.. نزام بۆ بکەن تا ئەو ئاسکە قەرەچوغییە بدۆزمەوە.. دەستەکانت بۆ ئاسمان بەرزبکەنەوە تا ئەو بەهەشتە ونبووەی خۆم بدۆزمەوە.. لێرەوە بەخواو سەرفرازییم سپاردن و ماڵئاوا..

زوبێدە عەبدولرەحمان:

قژی درێژ جوانی ئافرەت بەتەواوی دەردەخات

خاتوو زوبێدە عەبدولرەحمان تەمەن ٣٠ ساڵ، خاوەن بڕوانامەی ئارایشگایەو شەش مانگ وەك مامۆستا لەخولێکی ئارایشتگا لەخولێکی ئەمریکی بەشداری کردووە، دانیشتووی شارۆچکەی سۆرانەو ماوەی ٧ساڵ دەبێت خاوەن ئارایشتگایە. لەسەردانێکمان بۆ ئارایشتگاکەی بە پێویستمان زانی چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین.

دیمانە:

چریکە مەخمووری-سۆران

*** جۆرەکانی قژ بڕین کاریگەری هەیە لەسەر ئافرەت؟**

- بەڵێ بەدڵنیاییەوە، کاریگەری زۆریشی هەیە، بۆ نموونە بڕینی قژ لەشێوەی دالآس بۆ ڕوخساری مامناوەندو شێوەی کاریێ بۆ ڕوخساری پان، بەڵام شێوەی کلۆشو مەدەڕەج بۆ گشت ڕوخسارێك دەگونجێ، بەڵام بە بۆچوونی من قژی درێژ جوانی ئافرەت بە تەواوی دەردەخات.

*** جۆرەکانی ڕەنگو گونجانی لەگەڵ ڕەنگی ئافرەت؟**

- ئافرەت دەبێ ڕەنگی گونجاو هەڵبژێرێ، ئافرەتی پێست ڕەش ئەسمەری تۆخ ڕەنگی سوور تاریو باینجانی لەگەڵ دەگونجێ، ئافرەتی پێست ئەسمەری کاڵ ڕەنگی قاوەییو تۆزێ تۆخی لەگەڵ دەگونجێ، بەڵام ئافرەتی سپی پێست بەگشتی ڕەنگەکانی لەگەڵ دەگونجێ، وەك ڕەشو سووروو زەردو قاوەییو... هتد.

*** ئایا جۆرەکانی بۆیەی قژ (صبوغ الشعر) کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە؟**

- زۆر بەکارهێنانی بۆیە کاریگەری زۆر خراپی هەیە لەسەر پێستو تاڵە مووەکان، بەردەوام بەکارهێنانی بۆیە دەبێتە هۆی نەخۆشییەکانی پێستو ژانە سەرو ڕووتانەوەی قژ، بەڵام خەنەی کوردەواری باشترین شتە بۆ قژ.

*** بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەی قژ دەڕازێننەوە، بەتایبەت (مجفف) (جهاز صرح) تاچەند کاریگەری خراپی لەسەر قژ هەیە؟**

- بەکارهێنانی (مجفف) ئەگەر گەرمیەکی زۆر بەهێزی نەبێ زۆر باشە، چونکە تاڵە مووەکان لێك جیادەکاتەوە، بەڵام بەکارهێنانی (جهاز صرح) زۆر خراپە، چونکە ئێمە نازانین بەکاری بهێنین، لەخاریج جۆرە مەرهەمێکی لەگەڵ بەکاردێنن هیچ کاریگەری خراپی بۆ قژ نابێت.

*** هۆکارەکانی قژ هەڵوەرین چیەو چارەسەری چیە؟**

- هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ شڵەژانی دەروونیو نیگەرانی بەردەوامو بێهێزیو ژانە سەرو هەندێ نەخۆشی، وەك گرانەتا، یان زۆر بەکارهێنانی بۆیەو خەنەی هندی، ئاوی زۆر گەرم، یان کەم خوێنی ئەویش دەبێتە هۆی وەرینو پچڕانی تاڵە مووەکان، بۆ چارەسەرکردنیشی ئاسوودەیی دەروونیو خواردنی میوەو پاقلەمەنیەکان.

*** ئەی نرخی مادەکانو کارەکانتان؟**

- بەگشتی لەئاستێکی باش دایە، کەسانێکیش هەن بەردەوام سەردانمان دەکەن، ئێمەش زیاتر هاوکارییان دەکەین.

بیرەوەری هونەرمەندی شێوەکار نزار مەحموود لەگەڵ هونەرمەندی جوانەمەرگ (سەردار مەخمووری)دا

سالار عەبدولرەحمان

هەرچەندە تەمەنی هونەرمەندی جوانەمەرگ (سەردار مەخمووری) لەژیان کورت بوو، بەڵام بەتوانستی هونەرە بەرزەکەی خۆی توانی کۆمەڵێك تابلۆی جوانو دنیایەك بیرەوەری لەلایەن دۆستو هاوڕێیانی لەدوای خۆیدا جێ بهێڵێت. لێرەدا پێویستە بڵێین هونەرمەندی جوانەمەرگ سەردار حەسەن ناسراو بە سەردار مەخمووری لەکاتی نیشتەجێبونی لەشاری بەغدا لەگەڵ هاوڕێکانی چۆن ژیانی گوزەشت دەکرد. یەکێك لەهاوڕێ نزیکەکانی ئەویش هونەرمەند (نزار مەحموود)ە، کە بەم شێوەیە باس لە بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ هونەرمەندی جوانەمەرگ (سەردار مەخموور) بۆ ڕۆژنامەی (دەنگی مەخموور) دەکات:

سەرەتای ئاشنابوونم لەگەڵ هونەرمەندی جوانەمەرگ (سەردار مەخمووری) لەکۆلیجی هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشی شێوەکاری بوو ئەوکاتە کاکە سەردار لەبەشی پەروەردەیی هونەر بوو، لەبەغدا بەیەکەوە بووین ژیانمان لەوێ بەسەر دەبرد بۆماوەی دوو ساڵ لەیەك ژوور بووین، جوانەمەرگ کەسایەتیەکی زۆر بەرزی هەبوو هەر بەو بۆنەیەشەوە هەموو قوتابیەکان ڕێزیان لێ دەگرتو زۆر ڕوح سووكو ڕەوشت بەرز بوو. بەهۆی توانا هونەرییەکەیەوە وای کردبوو کە گشت قوتابیان بەتایبەت کوردەکان ئەوکاتە واتا ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٨، کاکە سەردار مرۆڤێکی کەم دوو بوو، بەڵام قسەکانی هەردەم لەشوێنی خۆی گرانو بەنرخ بوو، ڕێزی لەبرادەرەکانی خۆی دەگرت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ڕووداوێکی دڵتەزێن کە ئەوکات لە مەشقی هاوینەدابوو نزیك شاری مووسڵ لەگەڵ کۆمەڵێك قوتابی کوردو عەرەب گیانی پاکیان لەدەستدا.

کۆچی دوای جوانەمەرگ سەرداری شێوەکار زەرەرێکی گەورە بوو بۆ هونەری شێوەکاریو هاوڕێیانو بنەماڵەکەی.

ئاشنابوون بەکۆتاییەکی ناپاك

هیوا قادر زادە

کاتێک خەم
لەسەر شێوەی نامەیەکی مۆبایل
چاومان بەتاریکیو
دڵمان بەتەنگە تاوی دەسپێرێت!
لەبەر بەیانیەکی مانگی ئاب،
خۆشی لەپەنجەرەی دڵمانەوە سەفەر دەکاتو
لەدەرگاوەش لەچاوەڕوانی چارەنووسێکی لێڵ
وێستگەی چاوەڕوانیمان شەکەت دەبێت..
ئەوکات لێکدانەوەی خەونێک
دەبێتە راستی..
رووخانی هەوارێکی خنجیلانە
کە بۆ بووکێکی بەهاری بەرز دەیڕوانی،
دەبێتە شکاندنی پەیمانی سەر ئەومێزو و
دوو کورسیەی
بەپیرۆز سەیر دەکران..
ئێستا بەیانیە.. پرسین لەهاوژینێک چەند
سەختە
کاتێک چاوەڕوانی شادی،
بەمەرگ وەڵام بدرێتەوە
مەرکیش بەنادیار بسپێردرێتو
نادیاریش خۆی هەڵبداتە ناخی لەبیرچوونەوە..
ئومێدو هیوا لەکوێن..
ئاخر ئاو و وشکەو
چاومان تەر بەفرمێسک
دونیا چۆڵو
دڵ ئاوەدان بەخەمی دونیا..
خودایە چ چارەنووسێک بوو
ئاشنابوون بەچاوێکی باران و
باڵایەکی سنەوبەریو
دونیایەک شەرمو
پەیمان بەستنێکی ژێر گەڵایەکی سەوزو
کۆتاییەکی پڕلە ناپاکی..
گەر ئەمجارە زیندوو ببمەوە
نە باران..
نە سنەوبەر..
نە شەرم..
نە پەیمان..
نە گەڵای سەوز..
هیچیان ناناسم...
هەموویان بەناپاکی دەناسم

کاوڕ	کاتەکەت گونجاوە بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکانە دەربخەیتو بەجۆرێك نەهێڵێت کەس بەشداری نهێنیەکانت بکاتو بەڵکو وابکە پارێزراو بێ، ڕێگەی داهاتووت خۆشی دەبێو مەترسە لەمتمانەت بە دڵت.
گا	بەختەوەریت لەدەست خۆتەو هیچ هەلێك بەفیڕۆ مەدە، لەگەڵ دڵی خۆشەویستت یاری مەکە چونکە بۆ یاری کردن نییە، چەند کارێکی تازە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەژیانی تایبەتیت.
جمك	تۆ کەسێکی بەسۆزیو لەگەڵ گشت کەسێك قبوڵ دەکەی تەنانەت ئەوەی هەڵەش بکات بەرامبەرت، ڕێگە مەدە بەکەس بە ئاسانی لە ژیانت نزیك بێتەوەو نهێنیەکانت ئاشکرا بکات.
قرژاڵ	کەسێك دەیەوێت بە ڕێگەی هاوڕێتیەوە لەدڵت نزیك بێتو کارێکی گەورەت بۆ بکات، بەڵام لە ئەنجامدا نیازی خراپ دەبێت، شێوازی مامەڵەت بگۆڕە و چونکە بەرەو دوور کەوتنەوەت دەبات.

شێر	لەگەڵ هاوڕێکانو کەسانی نزیکت هەوڵی ئەو هەنگاوە بدەن ئەوەی تایبەتە بە تۆوە، کەسێك چاودێریت دەکاتو دەیەوێ بزانێت چۆن هەڵسوکەوت دەکەیت، ئەمەش بۆ ئەوەی لێت نزیك بێتەوە.
گوڵەگەنم	کارەکانت ئاڵۆز مەکە لەگەڵ ئەو هاوڕێیەت چونکە ماوەیەکە چەند ناکۆکیەك نێوانتان دروست بووەو بەمەش ناگەن بەئامانج، کەسێك دەناسیتو کاریگەری دەبێ لەسەر ژیانی تایبەتیت.
تەرازوو	بۆ ئەو کەسانە بسەلمێنە کاتێك بەهەڵە لێت تێگەیشتوونو متمانەت بە هەنگاوەکانی خۆت هەبێ، گرنگی بە کارەکانی داهاتووت بدە و ئەوەندەش بیر لە ڕابردوو مەکەرەوە.
دووپشك	کاتەکانت دیاری بکەو ئەم ماوەیە متمانەت بەخۆت نەماوە تاوەکو لەداهاتووت باش بیت، ڕێگە بۆ کەس مەدە دەستکاری کارەکانی ژیانی تایبەتیت بکات، هەموو کەسێك خەم دەخوات بەڵام کەس وەك تۆ ناکات.

کەوان	کارێکی چاکت ئەنجامداوە کە هەڵە سۆزدارییەکانت چارەسەرکرد، ئەمەش بۆ داهاتووی تۆو ئەو کەسە باشتر دەبێت، کەسێك لەدڵەوە بۆت دێتە پێشەوەو ڕێگەیەکی تازەی بۆ بدە ئەویش مانای گەورەیی تۆی دەوێت.
گیسك	پێویستە لەسەر ئەو کەسەی نیازی دڵی تۆی هەیە کاریگەرییەکانی کەم بکاتەوەو ڕێگەیەکی سادەت پێبدات تاوەکو تێبگەیت، لەلایەن خۆتەوە متمانەت بەخۆت هەبێت چونکە ماوەیەکە تووشی دوودڵی بوویتو ئەوەش هۆی بیرکردنەوەیە.
گۆزە	کارەگرنگەکانت بۆ ماوەیەکی دیکە هەڵبگرە، بە نیازێکی تازەوەبیر بکەرەوەو لەهەستی خۆشەویستت بگە، بەرەشبینی سەیری داهاتوت مەکەو ئەو هیوایەی لەدڵت لایەنێکی باشی دەبێت لەژیانی داهاتووت.
نەهەنگ	ماوەی داهاتووت دەبێت ساتە بەختێکی خۆش بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسانی نزیکت بەشدار بیت تاوەکو هەست بە ڕابردووە ناخۆشەکان نەکەیت، دڵت گەورە بێ بۆ کێشەکانت.

پەروەردەی مەخموورو چەند دەستکەوتێکی وەرزشی

دەنگی مەخموور

لەرۆژانی ٩-١٠/١٢/٢٠٠٩ لەهۆلی داخراوی شەهید فرەنسۆ هەریری لەشاری هەولێر یارییەکانی هەڵبژاردەکانی پەروەردەی سنووری پارێزگای هەولێر بەرێوەچوو، کە تیایدا هەڵبژاردەی پەروەردەی مەخموور چەند ئەنجامێکی شایستەو گەورەی بەدەستهێنا.

لەیاری تۆپی دەستی کوڕان پەروەردەی مەخموور توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت کە لەیاری کۆتایی توانی سەربکەوێت بەسەر هەڵبژاردەی پەروەردەی سۆران بە ئەنجامی (١٧-١٦) گۆل. هەروەها لەیارییەکانی باسکەی کچان پەروەردەی مەخموور توانی پلەی دووەم مسۆگەر بکات دوای ئەوەی بە ئەنجامی (٢٢-١٧) خاڵ بەرامبەر هەڵبژاردەی پەروەردەی هەولێر دۆرا. لەیارییەکانی تۆپی سەرمێزدا هەڵبژاردەی پەروەردەی مەخموور توانی پلەی سێیەم بەدەست بهێنێ. و لەسەر ئاستی باڵەی کچانیش پەروەردەی مەخموور توانی پلەی دووەم بەدەست بهێنێت دوای ئەوەی لەیاری کۆتایی لە بەرامبەر پەروەردەی هەولێر بە ئەنجامی (٢-٠) دۆرا.

شایەنی گوتنە پەروەردەی مەخموور لەساڵی ٢٠٠٣ەوە دامەزراوە تائێستا بەشداری سەرجەم چالاکیە وەرزشییەکانی کوردستانی کردووەو چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەست هێناوە، بەناوی ڕۆژنامەکەمانەوە دەستخۆشی لەیاریزانانو ڕاهێنەرانو پەروەردەی مەخموور دەکەین بۆ ئەو ئەنجامانەی بەدەستیان هێناوە.

تیپی سەرمێزی ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخموور پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت

عەبدولرەحمان ئادەم

لە ڕۆژانی ٨-٩/١١/٢٠٠٩ لەهۆلی زەردی شاری هەولێر پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی ناوەندەکانی وەرزشو لاوانی سنووری پارێزگای هەولێر بەرێوەچوو کە تیایدا ٨ ناوەندی وەرزشو لاوان بەشداری تێداکرد، کە ساڵانە بەڕێوەبەرایەتی وەرزشو لاوانی هەولێر بەڕێوەی دەبات.

لەیاری کۆتاییدا ناوەندی وەرزشو لاوانی مەخموور توانی سەربکەوێت بەسەر ناوەندی وەرزشو لاوانی هەولێر بە ئەنجامی (٣-٢)گێم، یاریزانانی ناوەندی وەرزشو لاوانی مەخموور پێك هاتبوون لەم یاریزانانە: ڕەمەزان خدر، مستەفا کەمال، ڕێباز سلێمان، کارزان قەهار ڕاهێنەرو محەمەد نووری سەرپەرستیاری تیپ بوو، ئەنجامەکانی دیکەش بەم شێوەی خوارەوە بوو:

ناوەندی مەخموور - ناوەندی بەحرکە (٣-٠)گێم
ناوەندی مەخموور - ناوەندی عەنکاوە (٣-٠)گێم
ناوەندی مەخموور - ناوەندی شەقلاوە (٣-٠)گێم
ناوەندی مەخموور - ناوەندی هەولێر (٣-٢)گێم.

بەناوی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی دەنگی مەخموورەوە گەرمترین پیرۆزباییو دەستخۆشی لەتەواوی ستافی ناوەندی وەرزشو لاوانی مەخموور دەکەینو هیواداریین دەستکەوتی زیاتری وەرزشی بەدەست بهێنن.

عەبدولڕەحمان ئادەم

چۆن یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی

دوای بڕیارەکەی حکومەتی عێراقو لیژنەی ئۆلۆمپی بەراگرتنی یەکێتی تۆپی پێی عێراقو هەڵوەشاندنەوەی کە ئەمەش وایکرد یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی سەرجەم چالاکیە دەرەکییەکانی تۆپی پێی عێراق بوەستێنێ.

ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کەوا تۆپی پێی عێراق تووشی قەیران بێتو ئەو گێژاوەی کەوا چەند ساڵێکە تێکەوتووە قوڵتربێتو بەردەوام بێت.

بێگومان ئەم بڕیارە کاریگەریەکی گەورە دەکاتە سەر ئەم یارییە لەقۆناغی داهاتوودا، لەبەر ئەوەی تۆپی پێی عێراق چیتر بەرگەی ئەو هەموو گێروگرفتانەو بەرگەی بوومەلەرزەکانی تر ناگرێت. سەرەڕای ئەوەی کەوا لەبەغدا کۆبوونەوەیەکی گرنگ ئەنجامدرا بەئامادەبوونی سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپیو ڕەعەد حەمودیو عەلی دەباغ سەرۆکی لیژنەی هەڵبژاردنەکانو نوێنەری وەزارەتی وەرزشو لاوانو ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی پێشوو کە وازیان هێناوەو نوێنەری ٢٨ یانەی پلە نایاب چەند بڕیارێکی گرنگیان دا. هەروەها دانانی دەستەیەکی کاتی یەکێتی تۆپی پێ بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، بەڵام ئەوانە هەمووی نابێتە هۆی ئەوەی کە تۆپی پێی عێراق لەم گێژاوە ڕزگاربکەن کە تێی کەوتووە.

هەندێ کەس پێیانوایە کەوا بەرپرسیارێتی تۆپی پێی عێراقو هەڵگرتنی بەرەو ئاستی ڕاستو دروست دەکەوێتە ئەستۆی دەستەی کاتی تۆپی پێ کە ئەوانیش کەسی ناسراو و ڕابردوویەکی دوورو درێژیان هەیە لەم بوارەدا، بەڵام ئێمە دەڵێین هەموو کارێکی ڕاستو دروست کەئامانجی سەرکەوتوو بێت ناوەستێ لەسەر یەك لایەن، بەڵکو کاری باش کارێکی یەکگرتوو دەبێ، بگرە لەشەقامی وەرزشیو جەماوەرو دواتر ڕاهێنەرو یاریزانو ناوبژیوانو کارگێرانی یانەکان بۆیە پێویستە بەیەکگرتن بێت لەنێوان هەموو جەمسەرەکانو یان بناغەیەکی بەهێزبێت کە تۆپی پێی عێراق لەسەربونیات بنرێت. هیواو دوعای هەموو لایەك ئەوەیە کە دوارۆژێکی باشتر بۆ تۆپی پێی عێراق بخوازین لەبەر ئەوەی ئەو قۆناغەی کەوا تۆپی پێی عێراق پێیدا تێپەردەبێت بەرگەی هیچ شکستێکی تر ناگرێتو، هەموو لایەك دەزانین کە ئەمەش نایەتەدی تەنها بەیارمەتی هەموو لایەكو خۆبەخت کردن دەبێت.

یاریزانی لاو (شکار شاکر):

هیوادارم لەریزی یانەکانی کوردستان یاری بکەم

کارزان غەمگین

شکار شاکر ئەحمەد یەکێکە لەیاریزانە لاوەکانی تۆپی سەرمێزو لەساڵی ١٩٩١ لەمەخموور لەدایکبووە، قوتابیە لەپۆلی سێیەمی ناوەندی لەدواناوەندی کاوەی ئاسنگەر، یاریزانی پەروەردەی مەخموورو ناوەندی وەرزشو لاوانی مەخموورە، لەساڵی ٢٠٠٦ هاتووەتە دونیای نێو وەرزشی تۆپی سەر مێز، وەك خۆی دەڵێت "بەهۆی براکانمەوە فێری ئەو وەرزشە بوومە بەتایبەت (دەشتی) برا گەورەکەمو (شاخەوان)ی برام کە ئێستا لەوڵاتی سوید دەژیت، ئەوان هەمیشە هانیان داومو پشتگیریان کردووم کە پەرە بەخۆم بدەم، هەمیشە بەو هیوایەم ببمە یاریزانێکی باش".

شکار تائێستا لە ١٠ خول بەشداری کردووە کەتێیدا لە ٧خول چووەتە یاری کۆتایی، سێ جار پلەی یەکەمی بەدەستهێناوەو چوار جاریش پلەی دووەم، لە ئەنجامە باشەکانی لەگەڵ پەروەردەی مەخموور لەسەر ئاستی پەروەردەکانی دەوروبەری هەولێر پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، دوو جاریش لەپەروەردەی مەخموور پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

شکار شاکر لەچالاکی قوتابخانەکانی پەروەردەی مەخموور هاوشان لەگەڵ یاریزانان (ڕێباز نەعمان، ڕەمەزان خدر) بە ناوی پەروەردەی مەخموور بەشداری پاڵەوانێتیەکان دەکات، کە دوو یاریزانی ناسراو و بەتوانان، شکار دەڵێت "لەناوەندی وەرزشو لاوانی مەخموور مامۆستا (عیماد فەخرەدین) ڕاهێنەرم بووەو، لەپەروەردەی مەخموریش مامۆستا (تاریق ڕەمەزان) ئێستاکە ڕاهێنەرمانە". سەبارەت بەئاستی تۆپی سەرمێز لەمەخموور دەڵێت "بەداخەوە تۆپی سەرمێز لەمەخموور باش نییە، هۆکارەکەشی نەبوونی ڕاهێنەرێکی باشەو لایەنی پەیوەندیداریش پەرەی پێنادات، بەڵام پێویستە سەنتەرو ڕێکخراوەکان هاوکارمان بن لەکردنەوەی خولو کۆڕ تا لەچۆنیەتی یاساکانو دواگۆڕانکاری تۆپی سەرمێز ئاگاداربین، یاریزانی کۆمان هەیە دەتوانن ئەم خولانە بکەنەوە، بەڵام لەبەر ئیشوکاری خۆی ناتوانن لەگەڵ ئەوەش دەبێ پاڵپشتی بکرێن". هەروەها ووتی "حەز دەکەم بچمە ریزی یانەی وەرزشی مەخموور، ئەگەرچی بەڵێنی ئەوەشیان پێداوم، بەڵام کوا بەڵێنەکانیان؟". شکار سەرسامی خۆی دەبڕی بەئاستی چەند یاریزانێك هەروەك گوتی "زۆر بەئاستی یاریزانی پەروەردەی هەولێر (دانا) سەرسامم لەکوردستان، لەئاستی جیهانیش بەیاریزانی چینی (وانگ هاو) سەرسامم، هیوادارم لەداهاتوو لەریزی یانە کوردستانیەکان یان هەڵبژاردەی عێراق یاری بکەم". لەکۆتایشدا وتی "سوپاسی ئێوەش دەکەم لەلاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی دەنگی مەخموور کە هەموو ژمارەیەك یاریزانێك بە سەر دەکەنەوە.

بەرەو جامی جیهانی

چەند زانیارییەك لەبارەی تیروپشکی جامی جیهانی ٢٠١٠

هیوا قادر

لەرۆژی ٤ی ئەم مانگە لەشاری (کیپ تاونی) باشووری ئەفریقیاو بەئامادەبوونی کەسایەتیە گەورەو پایە بەرزەکانی وەرزشو سیاسەتو نوێنەری ٣٢ هەڵبژاردەی مۆندیال تیروپشکی جامی جیهانی ٢٠١٠ی باشووری ئەفریقیا ڕاکێشرا.

هەڵبژاردە بەشداربووەکان بۆ ٤ ئاست دابەشکرابوونو هەریەك لەهەڵبژاردەکانی (باشوری ئەفریقیا، بەرازیل، ئیسپانیا، هۆلەندا، ئیتالیا، ئەلمانیا، ئەرجەنتین، ئینگلترا) بەسەرە کۆمەڵە دەست نیشان کرابوون. کە تێیدا کۆمەڵەی حەفتەم بە بەهێزترین کۆمەڵە دەست نیشان دەکرێت. یاریەکانی مۆندیالی ٢٠١٠ لە ١١ی مانگی حوزەیران بۆ ماوەی یەك مانگ بەردەوام دەبێت.

دوای ئەنجامدانی تیروپشکەکەش کۆمەڵەکان بەم جۆرە بوون:

کۆمەڵەی١/ باشوری ئەفریقیا، مەکسیك، ئۆرگوای، فەرەنسا
کۆمەڵەی٢/ ئەرجەنتین، نایجیریا، کۆریای باشور، یۆنان
کۆمەڵەی٣/ ئینگلیز، ئەمریکا، جەزائیر، سلۆڤینیا
کۆمەڵەی٤/ ئەلمانیا، ئوسترالیا،سربیا، غانا
کۆمەڵەی٥/ هۆلەندا، ژاپۆن، کامیرون، دانیمارك
کۆمەڵەی٦/ ئیتالیا، پاراگوای، نیوزلەندا، سلۆڤاکیا
کۆمەڵەی٧/ بەرازیل، کۆریای باکور، کۆتدیڤوار، پورتوگال
کۆمەڵەی٨/ ئیسپانیا، سویسرا، هیندۆراس، شیلی

مۆندیالی ٢٠١٠ و دووبارەبوونەوەی مێژوو

لەم مۆندیالەدا کۆمەڵێك ڕووبەڕوو بوونەوەی قۆناغی یەکەم دووبارەبوونەوەی مۆندیالەکانی دیکەیە..لەکۆمەڵەی یەکەمدا باشووری ئەفریقیاو فەرەنسا لەیەك کۆمەڵەدان وەك چۆن لەمۆندیالی ١٩٩٨ لەیەك کۆمەڵەدابوون، هەڵبژاردەی ئۆرگوایو فەرەنساش لەمۆندیالی ٢٠٠٢ لەیەك کۆمەڵەدابوون. لەکۆمەڵەی دووەمیش ئەرجەنتین ڕووبەڕووی نایجیریاو یۆنان دەبێتەوە کە پێشتر لەمۆندیالی ١٩٩٤ لەیەك کۆمەڵەدابوون.

لەکۆمەڵەی سێیەم ئینگلتەراو ئەمریکا لەیەکەم یاری بەیەك دەگەن کە لەمۆندیالی ١٩٥٠دا ئەمریکا بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە هەڵبژاردەی ئینگلتەرای بردەوە.

لە مۆندیالی ٢٠١٠ بەرازیل لەگەڵ بەرازیل یاری دەکات

ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل کارلۆس دۆنگا ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو کۆمەڵەی بەرازیلی تێدایە بەهێزەو گوتیشی کۆمەڵێکی گرنگو زۆر بەهێزە، بەتایبەت هەڵبژاردەی پورتوگال لەڕووی شێوازی یاریکردنو یاریزانی باشی لەریزی هەڵبژاردەکەیە، هەروەها دۆنگا یاری هەڵبژاردەکەی بەیاری نێوان بەرازیلو بەرازیل وەسفکرد بەو پێیەی کە پورتوگال بەبەرازیلی ئەوروپا ناسراوە. لەلایەن خۆیەوە دۆنگا هەڵبژاردەی کۆریای باکووری بەنیشانەی سەرسوورمان وەسفکردو گوتی دەبێ دیراسەتی ئەو هەڵبژاردەیە بکەین، جگە لەمەش هەڵبژاردەی کۆتدیڤواری بە هەڵبژاردەیەکی گەورەو بەهێز دانا. لەلایەن خۆیەوە ڕاهێنەری پورتوگال کارلۆس کیرۆش گوتی "یاری یەکەمان یاری یەکلایی کەرەوەیە، ئەگەر لەیاری یەکەم بەرانبەر کۆتدیڤوار ببەینەوە ئەوا لەیاری دووەمو سێیەم بەرانبەر کۆریای باکوورو بەرازیل دەبەینەوە". لەکۆتایشدا ریکاردۆ کاکای بەرازیلی پێی وابوو کۆمەڵەکەیان گرانترین کۆمەڵەیە لەجامی جیهانی بە کۆمەڵەی مردنی وەسف کردو گوتی "پێویستە لەسەرمان لەوپەری تەرکیزبین لە باشووری ئەفریقیا".

چەند زانیارییەك لەسەرمۆندیالی ٢٠١٠

- ئەم مۆندیالە بۆیەکەمین جار لەوڵاتی باشوری ئەفریقیاو تەنانەت یەکەمین جاریشە لەم کیشوەرە ئەنجام دەدرێت.
- یاریەکان لە نۆ شارو نۆ یاریگا بەرێوەدەچن.
- ٣٢ هەڵبژاردە بەشدارن لەم مۆندیالە
- تەنیا یەك هەڵبژاردەی عەرەبی بەشدارە کە هەڵبژاردەی جەزائیرە.
- بۆ یەکەمین جارە هەردوو هەڵبژاردەی کۆریای باکورو کۆریای باشور بەیەکەوە بەشدار دەبن.
- هەڵبژاردەکانی (سربیاو سلۆڤاکیا) بۆیەکەمین جارە بەم ناوە بەشدار دەبن.

زانیاری لەسەر مۆندیالەکان

- هەڵبژاردەی (ئیندۆنوسیا) کەمترین یاری لەمۆندیال ئەنجامداوە کە یەك یاریە.
- هەڵبژاردەی بەرازیل زۆرترین یاری لەمۆندیال بردۆتەوە کە ٦٤ یارییە. هەروەها بەرازیل زۆرترین جار بووەتە پاڵەوان کە ٥ جارە.
- هەردوو هەڵبژاردەی بەرازیلو ئەلمانیا زۆرترین یاریان لەمۆندیالەکان ئەنجامداوە کە ٩٢ یاریە.
- هەڵبژاردەی مەکسیك زۆرترین یاری لەمۆندیال دۆراندووە کە ٢٢ یاریە.
- هەردوو هەڵبژاردەی ئیتالیاو ئەلمانیا زۆرترین یاریان لەمۆندیال یەکسان بووە کە ١٩ یاریە.
- زۆرترین ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان دوو هەڵبژاردە (سوید و بەرازیل)ە، کە ٧ جار لەمۆندیالەکان بەیەك گەیشتوون.
- خێراترین گۆڵ لەمۆندیال بەناوی (هاکان شوکور)ی یاریزانی هەڵبژاردەی تورکیایە کە دوای ١١چرکە لەگۆڵی هەڵبژاردەی کۆریای باشوری تۆمارکرد.
- یاریزانی بەرازیلی (پێلیە) بچوکترین یاریزان بووە کە گۆڵی لەمۆندیاڵ تۆمارکرد کە تەمەنی ١٧ ساڵو ٢٣٩ ڕۆژ بوو کە لەگۆڵی هەڵبژاردەی ویلز بوو.
- هەڵبژاردەی (سکۆتلەندا) ئەو هەڵبژاردەیە کە ٨ جار لەکۆتاییەکانی جامی جیهانی بەشداربووە کەچی یەکجاریش نەپەریوەتەوە قۆناغی دووەم.

پاڵەوانەکانی مۆندیال

بۆ یەکەمین جار جامی جیهانی لەژێر ناوی (جۆل ریمە) لەساڵی ١٩٣٠ لەوڵاتی ئۆروگوای دەستی پێکرد، لەساڵی ١٩٧٠ بڕیاردرا ناوەکە بگۆردرێت بەناوی جامی جیهانی. ئەمەش ریزبەندی مۆندیالەکانو ناوی پاڵەوانەکانە:

١ -ئۆروگوای ١٩٣٠
٢ -ئیتالیا ١٩٣٤
٣ -ئیتالیا ١٩٣٨
٤ -ئۆروگوای ١٩٥٠
٥ -ئەلمانیا ١٩٥٤
٦ - بەرازیل ١٩٥٨
٧ -بەرازیل ١٩٦٢
٨ -ئینگلتەرا ١٩٦٦
٩ -بەرازیل ١٩٧٠
١٠ - ئەلمانیا ١٩٧٤
١١ -ئەرجەنتین ١٩٧٨
١٢ -ئیتالیا ١٩٨٢
١٣ -ئەرجەنتین ١٩٨٦
١٤ -ئەلمانیا ١٩٩٠
١٥ -بەرازیل ١٩٩٤
١٦ - فەرەنسا١٩٩٨
١٧ -بەرازیل٢٠٠٢
١٨ - ئیتالیا٢٠٠٦
١٩ -؟؟؟؟ ٢٠١٠

تۆپەکەی جامی جیهانی٢٠١٠

١١ ڕەنگ بەمانای ١١ یاریزان دێت

دەنگی مەخموور

یەکێتی تۆپی پێی جیهانی (فیفا) ئەو تۆپەی لەیارییەکانی جامی جیهانی٢٠١٠ کە لەباشوری ئەفریقیای یاری پێدەکرێت ئاشکراکرد. کۆمپانیای (ئەدیدایس)ی بەناوبانگ ئەو تۆپەی دروست کردووەو ڕایگەیاند کە ئەو تۆپە زۆر گونجاوەو بۆ هەموو بارودۆخێك ئامادەکراوە. لەلایەن خۆیەوە سیپ پلاتەر (سەرۆکی فیفا) ئەوەی ڕاگەیاند "ئەو تۆپە ناوی (چاپولانی)یە بەمانای (ئاهەنگ)دێت، کە لەزمانی (زۆلۆ)هاتووە یەکێکە لەزمانە ڕەسمییەکان لەباشووری ئەفریقیا". شایەنی گوتنە تۆپەکەی جامی جیهانی ٢٠١٠ لە ١١ ڕەنگ پێکهاتووە کە بەمانای ژمارەی یاریزانەکانی تۆپی پێیەو هاوکاتیش ١١ زمانی ڕەسمی لە باشووری ئەفریقیاداهەیە. یاریزانی بەناوبانگ (دیڤید بێکهام) دەربارەی ئەو تۆپە دەڵێت "هەر یاریزانێکی باشی تۆپی پێ دەتوانی یاری بەهەموو جۆرە تۆپێك بکات، بەڵام واباشە تۆپەکە گونجاوبێت بۆیارمەتی دانی یاریزان". کاکای بەرازیلیش ئەو تۆپەی بە تۆپێکی گونجاو وەسف کرد.

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠ ٤٦٥ ٥٤٦٣

دەستەی نووسەران
خەلیل پاڵانی
عەبدولرەحمان ئادەم

پەیامنێران
جەلال خەیلانی
چریکە مەخمووری
کارزان غەمگین

ناونیشان
کوردستان
هەولێر - مەخموور